# خۆیندنەوەیەك بۆ دادپەروەری، كار و ئاسایشی كۆمەڵایەتی

**پارێزەر/ هەڵكەوت حیكمەت مەلاعەلی**

سوید



هەست كردن بە ئاسایش و ئارامی دەرئەنجامی یەكسانی لە نێوان كۆمەڵێك گۆڕانكاریە كە كۆمەڵگا بەرەو ئاراستەیەكی كۆمەڵایەتی سەقامگیر دەبات كە هاوڵاتیانیش تێدا هەست بە ئارامی و ئاسایش دەكەن، وە ڕەهەندەكانی ئەم ئاسایشە سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی، كۆمەلایەتی، فەزایی و نیزامیە.
بە پێی ئەو لێكۆلینەوانەی كە لەم بوارەدا ئەنجامدراوەن ئەوە نیشان دەدەن كە هەر چی بنەمای ئازادی و پێشبڕكێ و بەشداری كردن هاوڵاتیان لە كۆمەڵگەدا زیاتر بێت ئەوا بێگومان توانایی ئەو كۆمەڵگایە زیاتر دەبێت لە ڕاكێشانی هاوڵاتیان، سەرمایەكان و بونیادنانی دادپەروەری كۆمەڵایەتی و بەدیهێنانی كار بە شێوەیەكی نۆی و گەشەسەندنی خێرای ئابووری دەبێتە هۆكاری زیاتر كردنی ڕەفاهیەتی ماددی هاوڵاتیان.

## كار (employment)

ڕێژەیی بەرزوبونەوەو گەشەسەندنی دانیشتوان هاوكات لە تەك زۆربوونی نیشتەجێبوونی دانیشتوان لە شارەكاندا بارودۆخێكی هێنایە ئاراوە كە هێزی كار لە زۆربەی وولاتانی گەشەسەندو بە ڕێژەیەكی یەكجار بەرچاو گەشەو پەری سەند. لە بەر ئەوە لە سەر ئاستی داخوازی كارێكی كەمتر لە ئەندازەی پێویست پێشبینی كراوە ئەمە لە حالەتێكدا كە لە سەر ئاستی خستنەڕوو ڕێژەیەكی زۆری هاوڵاتیان بەردەوامن بۆ پەیدا كردنی كارێكی نۆی وە هەر لەم ڕوانگەیەشەوە كۆچ كردن لە لادێوە بۆ شار ڕووی لە زیاد بوون كردوە كە ئەمەش بۆ خۆی یەكێكە لە فاكتەرە سەرەكیەكانی بەرفراوان بوون و گەشەسەندنی بەشی نارەسمی بە شاری بوون.
ڕوانگەیەك كە بەرنامەی جیهانی كار لە سەری پێكهاتەوەن تەكید لە سەر ئەوە دەكات كە بە مەبەستی دابین كردنی دادپەروەری كۆمەڵایەتی و ئاسایشی نێوخۆیی دەوڵەتان دەبێت هەنگاوگەلێكی بنەڕەتی و بنچینەی بۆ بنبڕكردنی هەژاری و بێكاری و بەدیهێنانی گۆڕانكاری سەرەكی لە ئورگانە ئابووریەكان وە لە زۆربەی لایەنەكان سیاسەتی بەرفراوان كردن پێویستە.

**كاریگەری بەرهەم هێنان لە بەدیهێنانی كارو ئاسایشی كۆمەڵایەتی،**

بناغە و هەوینی هەر جۆرە ئاسایشێك پەرەسەندنی ئابووری و گەشەسەندنی بەرهەمهێنانە كەئەمەش لە چوارچێوەی ئاسایشی ئابووری وگەشەسەندن بەرەو دان بە سەرمایە گوزاری بە دەست دێت.وە یەكەم ئەركی هەر دەوڵەتێك ئەولەویەت دانە بە بەرهەمهێنان وە ئەمەش تەنها وەڵامە بۆ زۆربەی پێویستیەكان.بەرهەمهێنان بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ كاریگەری خۆی هەیە لە سەرهەر یەك لە لایەنەكانی كۆمەڵایەتی، سیاسی، كەلتووری هەر نەتەوەیەك، ئەگەر لە كۆمەڵگەیەكدا بەرهەمهێنان دووچاری كەم بونووە یان نەمان هات ئەوا گەندەڵی كۆمەڵایەتی و بێ ئارامی و نەبوونی ئاسایش ڕوو لە زیاد بوون دەكات،زیادبوونی ئالودەبوون بە مادە بێهۆشكەوەكان، دەزی،تاوان، جیابۆنەوە لە ئەنجامی فشاری مالی و هەژاری ماددی، بێ نیزامی ، تووڕەیی ، یاساشكینی، گەندەڵی دارایی لە نێو ئورگانەكانی تەنفیزیدا، بێ ئومیدی لە نێو گەنجەكاندا، زیاد بوونی ڕێژەیی خۆكوشتن، زیاد بوون و گرنگی نەدان بە مەسەلە سیاسیەكان و نائارامیە كۆمەڵایەتیەكان دەرهایشتەی نەبوونی بەرهەمهێنانی پێویست و پەرەسەندنی ڕێژەیی بێكارییە.

ئەمڕۆ لە چوارچێوەی سیستەمێکی حکومەتی دیموکراسیدا کار پەیدا کردن بۆ هاوڵلاتیان و دابین کردنی پیداویستیەکانیان وە پێش هەر شتێك کار و داهاتێکی دلنیا و جێگیر بوونی ڕێژەیی نرخەکان ئارامی و ئاسایشی گیان و مالیان، بە هۆکاری سەرەکی مانەوەی هەر دەولەتێك دەژمێردرێت، لەم ڕوانگەیەوە پارتەکان و گرووپەکان چ ئەوانەی ئۆپۆزسیوونن یان ئەوانەی لە نێو حکومەتدان هەولدەدەن باشترین کەسانی شارەزاو ئەکادیمی و بە ئەزموون و خاوەن فکر بۆ پۆستەکان هەڵبژێرن وە زۆر جاریش پێش پرۆسەی هەڵبژاردن ئەم کەسانە بە کۆمەلگا دەناسێنن و لە سەر بنەمای کارکردنی ئەوان و کەسایەتیان لە نێو هاوڵاتیاندا دەنگ بە دەست دەهێنن.

هەر چەندە گەشەسەندنی ئابووری بەو مانایە نایەت کە بە شێوەیەکی لە سەدا سەد چارەسەری گەندەڵی کۆمەلایەتی و سەرپێچیە ڕۆحیەکان و ئەخلاقیەکان و زیاد بوونی ئاسایشی کۆمەلایەتی بۆ هاوڵاتیان بکات، بەلام کۆمەلگەیەکی دەولەمەند و بەتوانا دەتوانێت بۆ لە نێو بردنی نا دادپەروەریەکان و و نائارامیەکان وگەندەڵیە کۆمەلایەتیەکان سەرمایە گۆزاری بکات.وە لەم سونگەیەشەوە ئەرك و ئامانجی وەزارەتی ناوخۆ بریتیە لە پاراستنی ئاسایش و ئاسایشی گشتی وگەشەسەندنی دیموکراسی و هاو ئاهنگ کردنی چالاکیەکانی دەزگاکانی دەولەتی و نەتەوەی ونێوخۆی لە سەرتاپای وولاتدا.

**گۆڕانکاری کەلتووری، کۆمەلایەتی و ئاسایشی کۆمەلایەتی**

ئاسایش دەرهاویشتەی یەکسانی نێوان کومەلێك گۆڕانکاریە کە کۆمەلگا بەرەو ئاراستەیەکی کۆمەلایەتی سەقامگیر و لەبار دەبات وە گرنگترین ڕەهەندەکانی ئەم جۆرە ئاسایشە سیاسی و ئابووری و کەلتووری و کۆمەلایەتی و یاسایی و نیزامیە.بەلام ئاسایشی قەزایی گرنگترین مەرجی سەرکەوتنی مەواهیبی ژیان بە تایبەتی مەواهیبی ئابووری و ماددیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەلگا بەرەو ئاراستەیەکی کۆمەلایەتی لە بارو گونجاو ببات کە تیدا هاوڵاتیان هەست بە ئاسایش بکەن.وە ئامرازەکانی دابین کردنی و ئاسایشی قەزایی، دەزگایی یاسایی و یاسایەکان و ڕیسا قەزایەکانە، هەر چی ئاسایشی یاساییە دەرئەنجامی بوونی سیستەمی یاساییە وە ئەم سیستەمە یاسایەش کاتێك وجودی دەبێت کە هاوکاری پێویست لە نێوان ئورگانە قەزایەکان و کۆمەلەی یاسا قەزایەکان هەبێت بە ئامانجی گەیشتن بە دادپەروەری قەزایی و دابین کردنی مافە گشتیەکانی هەموو لایەك.

وە بۆ بونیادنانی سیستەمێکی کۆمەلایەتی پێویستمان بە دەزگایەکی قەزایی بە هێزهەیە بۆ ئەوەی لە هەر شوێنیك وە لە لایەن هەر کەسێکەوە سەرپێچی بەرامبەر بە یاساو ڕیساکانی کرا و زیانی بە سیستەمی گشتی گەیاند دەزگایی قەزایی بە پێ ئەو دەسەلاتەی کەهەیەتی بتوانێت لێپێچینەوە لەو حالەتانە بکات وە هەروەها کەم وکوڕی لە دەسەلاتی قەزایی فاکتەرە بۆ ئەوەی ئاسایشی کۆمەلایەتی ڕووبەڕووی خەتەرو کێشەی گەوەرە ببێتەوە.کەواتە لەم حالەتانەدا ڕووبەڕووبۆنەوەی خێرا و دادپەروەرانە و زانستیانە لەتەك ئەوانەی کە یاساکان پێشێل دەکەن و خۆیان لە سەرووی یاساو کۆمەلگەدا دەبیننەوە زۆر زەرورییە بۆ ئەوەی کۆمەلگا هەست بە ئاسایش و ئارامی بکات.

## مەفهومی دادپەروەری و ئاسایشی کۆمەلایەتی

بێگومان دادپەروەری پێناسەی زۆرو جۆراوجۆری بۆ کراوە بەلام لە کۆی گشتی دا هەموویان یەك ڕیچکە یان هەیە وە ئەوەیش یەکسانی لە نێوان مافەکانی هاوڵاتیانە لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی وسیاسیە لە کۆمەلگادا بە واتایەکی تر دادپەروەری بریتیە لەوەی کە لە بەرپرسیاریە کۆمەلایەتیەکاندا هەر کەسێك لە جێ شایستەی خۆیدا دابمەزرێت بە پێ ئەو ئەزموون و شارەزاییەی کە لە بوارەکەدا هەیەتی بەلام نابێت پەیوەندیە شەخسیەکان و ناسراویتی ببێتە پێوەرێك بۆ دامەزراندنی کەسەکان بۆ پۆستەکان یان خود ئەو کارو بارانەی کە هەیە.

دادپەروەری مانای پاراستنی ڕێزو کەرامەتی تایبەتی هاوڵاتیان و تاکەکانە، دادپەروەری واتە دابین کردنی ئازادی بۆ هەمووان لە هەموو ئاست و بوارەکاندا، ئازادی بلاوکراوە،ئازادی ئەندیشە(فکر) ئازادی سیاسی، ئازادی ئابووری و ئاسایش وە بە

مانایەکی دیکە دادپەروەری واتە دابین کردنی هەموو پیداویستیەکان بۆ ژیانی مرۆڤایەتی.وە بۆ دابین کردنی ئاسایش کە مەسەلەیەکی گرنگ و جێ باسە لە لە هەر کۆمەلگەیەکدا ئەبێت کا بۆ ئەوە بکەین کە  بەها بەرزەکانی کۆمەڵگا بە زیندووی ڕابگرین و ڕیگە نەدەین کە وا تۆزی لە بیرچوونەوە لە خۆ بگرن هەر بۆیە بەم شێوەیە دەتوانین ئاسایش دابین بکەین، لە بەر ئەوە گرنگترین بنچینە لەم ئاستەدا ئەوەیە کە هاولاتیان و بەرپرسان باوەڕیان هەبێت و پابەند بن بە  بەها بەرزە گشتگیرەکانی وەکۆ ماف هاولاتیان و خەلکانی دیکە، دادپەروەری، ئازادی و لێبوردەیی ( تەساموح ). لێرەدا دەتوانین بلێین کە  پێناسەی دادپەوەری کۆمەلایەتی لە کۆمەلگە جۆربەجۆرەکاندا بریتیە لەو کۆمەلگەیەی کە بتوانێت زەمینەیەك و دوخێکی تەندروست و لەبار  پێکبهێنێت کە لەو چۆاچێوەیەدا هاولاتیان بە مەبەست و ئامانجەکانی خۆیان بگەن کە خۆی لە خۆشگوزەرانی و  ئاسایش و  گەرانەوەی ئەو مافانەی کە پێشتر لێیان زەوت کراوە هەروەها ڕێزگرتن لە مرۆڤەکان لە چوارچێوەی  ئەو یاساو کەلتوورو  پەیوەندیانەی کە هەیە لەکۆمەلگەکەدا و وە لە  لایەن هەمووانەوە پەسەند کراوە بەم شێوەیە دادپەروەری کۆمەلایەتی  لەو کۆمەلگەیەدا بە باشی تەفسیر کراوەو وە هەوەها کاری پێ کراوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بلێین کۆمەلگەیەك نیە ئەمڕۆ لە جیهاندا کە توانای ئەوەی هەبوو بێت کەوا دادپەروەریەکی ڕەها مەتلەق دابین بکات لە هەمان کاتدا  نائارامی و زۆر مەسەلەی  جۆراوجۆری کۆمەلایەتی لە کۆمەلگەدا وەك  دیاردەیەکی زاتی و ئاسایی زۆر جار دەبینرێت.

لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی بتوانین بەو ئامانجانەی کە هەمانە  و بەردەوام کاری بۆ دەکەین بگەین وە بۆ ئەوەی  ئەو کێماسیانەی کە هەیە لە نێو کۆمەلگەدا وە بۆ چارەسەرکردنیان وە هەروەها بۆ ئەوەی  بەرنامەو پلانی تۆکمەو بە هێزمان هەبێت بۆ دابین کردنی کارو دادپەروەری و ئاسایشی کۆمەلایەتی دەبێت ڕچاوەی ئەم  خالانەی لای خوارەوە بکەین:

ی ناساندنی هەموو ڕووی مەسەلەکانی نێوکۆمەلگا بە تایبەتی کێشە کۆمەلایەتیەکان وەکو بێکاری و نەبوونی ئاسایش و نا دادپەروەری و لێکۆلینەوەی زانستیانە لە بارەیان.

ی بەرنامەدانان و پلان دانان لە سێ قۆناغی جیاوازدا وەك کورت خایەن، مامناوەندی و درێژخایەن بە ئامانجی پشتگیری کردن لە گەشەسەندن و پەرەسەندنی بابەتە کۆمەلایەتیەکان بە ئاراستەیەکی پۆزەتیڤ.

ی ناساندنی کۆمەلگا و گرفتەکانی وهەوەها ناچالاك بوونی ئورگانەکانی سیستەمی کۆمەلایەتی.

ی دابین کردنی پیداویستیەکانی ژیان بۆهەمووان بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە.

ی بەشداری پێکردنی هەر چی زیاتری هاولاتیان لە پرۆسەکاندا و وە هەولێ  زیاتر هوشیار کردنەوەویان لە سەر هەموو ئاستەکانی ژیان.

ی دابین کردنی ئاسایشی کۆمەلایەیەتی وئابووری بە جۆرێك کە هەمووان مەلکەچی یاسا بن وە ڕێز لە بەرژەوەندیە گشتیەکان بگیڕن وە بە پێچەوانەشەوە دوور کەوتنەوە لە جیاوازی کردن لە نێو توێژەکانی کۆمەلگەدا وە ئەم کارەش دەبێت یەکەم جار لە ئاستی بالای بەرێوەبەرانی سیاسی دەست پێبکات و وە تاوەکو دەگاتە چین و ئاستەکانی خوارەوە.

ی دابین کردنی ئاسایش بۆ سەرمایە گۆزاران وە هەروەها ڕیگەگرتن لە دەستێوەردان و بەربەست دروست کردن لە سەر ئاستی بەرهەمهێنانی وە نابێت سیستەمی دارایی هەولێ  دەستێوەردان بدات.

ی پشتگیری کردن لە ئەندیشە و ئەفکاری نۆی بە جۆرێ کە هەولێ کرینی پلان و بەرنامەی نۆی بدرێت.

ی گرنگی دان و  زیاتر خزمەت پێشکەش کردن بە گۆندەکان کە هۆکارە بۆ دابین کردنی کارو سەقامگیری دانیشتوان، جگە لەوەش دەبێتە هۆی زیاد بوونی بەرهەمهێنان و زیاتر هوشیار بوونەوەی تاکی و هەروەها پاراستنی کەسایەتی و ناسنامەی تاکی و نەتەوەیی، وە بە پێچەوانەشەوە کەم بوونی کار یان نەبوونی کارکردن لە ئاستی گشتی و نەتەوەیدا بە تایبەتی لە شارە گەورەکاندا دەبێتە فاکتەری سەرگەردانی و زیادبوونی تاوان و بێ ناسنامەیەتی و گەندەلی کۆمەلایەتی بە هەموو ڕووەکانیەوە.